رۆژان ئیحسان

یاریزانی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر:

# خەونی گەورەم ئەوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتەکەم یاری بکەم

یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر، یەکێکە لەو یانەیانەی کە زیاتر تایبەتە بە یارییەکانی ئاستی کچان، مێژووی یانەکەش لە تۆپی دەست لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق مێژوویەکی زێڕینە، تیپی تۆپی دەستیی یانەکەش خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە و تیپەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان (رۆژان ئیحسان)ی لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی وڵاتی نەرویژە، کە لەو وڵاتەوە هاتووەتەوە بۆ کوردستان و بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، پێشووتریش بۆ یانەی (روونار)ی نەرویژ یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



کارزان کانەبی



*** هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزشی بە پێشوەختە بوو، یاخودهەر لە ناکاو رووت لەم جیهانە کرد؟**

-نەخێر، لە ناکاو نەبوو، بەڵکو پێشوەختە هەر لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە بەشداریم کردووە لە یارییەکانی یانەکان لە وڵاتی نەرویژ پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

***بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییەکان سەرنجت بۆ یاریی تۆپی دەستی بوو؟**

- چونکە تۆپی دەست یارییەکی زۆر بەناوبانگ بوو لە وڵاتی نەرویژ، منیش بە هۆی هاوڕێکانمەوە دەستم پێ کرد و دواتریش زۆر حەزم لەم یارییە کرد و لەسەری بەردەوام بووم.

*** ئاستی یاری تۆپی دەستی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی تۆپی دەست لە هەولێر لە ئاستێکی باش دەبینم، بەتایبەتی یانەی هەولێر گرنگیی زۆر بەم یارییە دەدات، لەسەر ئاستی کوردستانیش گرنگییەکی باشی هەیە.

*** لە ئاستی خۆت رازیت؟**

- تا رادەیەکی باش رازیم و بە هیوای ئەوەشم ئاستم باشتریش بێت.

***بۆ ئەوەی یاریی تۆپی دەستی لە کوردستان پێش بکەوێت، پێتوایە دەبێت چی بکرێت؟**

-بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی دەست لە کوردستان بەرز ببێتەوە پێویستە زیاتر گرنگی بدرێت بە یاریزانەکان و گرنگی بدرێت بە دابینکردنی پێداویستییە وەرزشییەکان وەکو هۆڵی یاریکردن و کردنەوەی خول لە نێوان شارەکانی کوردستان بەشداریکردن لە یارییەکانی دەرەوەی وڵات.

***گرفتی ئێوە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر چییە؟**

-گرفتێکی ئەوتۆمان نییە، لە یانەکە گرنگیی باشمان پێ دەدەن، بەڵام نەبوونی هۆڵ و پێداویستی گرفتە بۆ سەرجەم یاریزانان.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی گەورەم ئەوەیە ببم بە یاریزانێکی ئاست بەرز و بتوانم بەشداری بکەم لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتەکەم.

*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

-ئامانجم ئەوەیە کە بتوانم کچان زیاتر هان بدەم بۆ هاتنیان و بەشداریکردن لە وەرزش و یاری تۆپی دەست.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی لەم یارییە؟**


-بە یاریزانی وڵاتی نەرویژ (کامیلا هەریم)، چونکە یاریزانێکی زۆر بەتوانایە و حەزدەکەم بە ئاستی ئەو بگەم.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

-هەموو کاتێك ئامادەم بۆ وەرزشکردن، تەنیا کاتی تاقیکردنەوەکان نەبێت.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت باسی چی بکەیت؟**

-هیوادارم گرنگی زیاتر بدرێت بە وەرزشکردن، بەتایبەتی بۆ ئاستی کچان و ئافرەتان لە کوردستان، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە بە وەرزشی کچانی دەکات.



# بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان گەرمە

سالآنە (مێركاتۆ) لەلایەن یانە گەورەكانی جیهانەوە گرنگییەكی زۆری پێدەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕە پارەیەكی زۆر بۆ هێنانی یاریزانەكان تەرخان دەكەن و هەوڵی بەهێزكردنی ریزەكانیان و نەهێشتنی كەموكوڕییەكان دەدەن،ئەمەی خوارەوەش بەشێك لە گواستنەوەی یاریزانەكانە.

ئا: رێبین رەمزی

# یۆڤانتۆس دوو یاریزانی کری و گرێبەستی دوو یاریزانیشی نوێکردەوە

یانەی یۆڤانتۆس بەردەوامە لە تۆکمەکردنی تیپەکەی بەفەرمی گرێبەستی دوو یاریزانی ئاشکرا کرد و هەروەها گرێبەستی دوو یاریزانیشی نوێکردووە.

بەفەرمی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ پەیوەندی بە یانەی خانمە پیرەکان کرد دوای ئەوەی بریاری جێهێشتنی یانەی ریالی مەدریدی دا.

رۆناڵدۆ پێشتر لە یانەکانی سپۆرتینگ لیشبۆنە و مانچستەر یۆنایتد و ریال مەدرید یاری کردووە.

هەروەها بەفەرمی یانەی یۆڤانتۆس گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی ڤالنسیا و هەڵبژاردەی پورتوگال خواو کانسێلۆ مۆرکرد.

ئەم یاریزانە بەبڕی (٤٠) ملیۆن یۆرۆ لە یانەی ڤاڵنسیا پەیوەندی بە یانەی یۆڤانتۆس کرد پێشتر ئەم یاریزانە بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی ئەنتەر میلان کردووە.

بەفەرمی یانەی یۆڤانتۆس گرێبەستی هەردوو یاریزانی هێڵی بەرگری یانەکەیان و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (جیۆرجیۆ کیلینی و بارتزالی) نوێکردووە.

کلینی گرێبەستەکەی لەگەڵ خانمە پیرەکان تا ساڵی (٢٠٢٠) نوێکردووە و بارتزالی گرێبەستی تا ساڵی (٢٠١٩) نوێکردووە.





## سێ یاریزان پەیوەندیان بەیانەی ئەی سی میلان کرد

یانەی ئەی سی میلان هەرچەندە کێشەی دارایی هەیە و ئەگەری زۆر هەیە ئەم وەرزە ئاستی لە وەرزی رابردوو خراپتر بێت و دەستەی کارگێڕی یانەکە هەوڵ دەدەن بەهەر شێوەیەك بێت تیپێکی تۆکمە ئامادە بکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بەشێوەی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزان مۆرکرد.

گۆڵپارێزی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی پێپی رێنا بەخۆرایی لە یانەکەی پەیوەندی بە یانەی ئەی سی میلان کرد، هاتنی ئەم گۆڵپارێزە ئەگەری رۆیشتنی دۆنارۆما زیاتر دەکات.

هەروەها یانەی ئەی سی میلان گرێبەستی لەگەڵ یاریزان ئیڤان سترێنیك مۆرکرد.

گرنکترین گرێبەستەکانی یانەی ئەی سی میلان لەگەڵ ئەستێرەی لاوی هەڵبژاردەی کرواتیا و یانەی هامبۆرگی ئەڵمانیا ئەلین هالیلۆڤیچ-بوو، کە گرێبەستی بۆ ماوەی سێ وەرز مۆرکرد.

ئەم یاریزانە لەسەرەتای ژیانی وەرزشی پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنە کرد، بەڵام تەمەنی ئەم یاریزانە لەم یانەیە کورت بوو.

هالیلۆڤیچ توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی کرواتیا پلەی دووەمی جامی جیهانی بەدەست بهێنن بۆ یەکەم جار لە مێژووی کرواتیا.




## ئەنتەر میلان بە دوو یاریزان تیپەکەی تۆکمە کرد

بەفەرمی یانەی ئەنتەر میلان گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی لاوی ئیتاڵی و یانەی ساسۆلۆ ماتیۆ پۆلیاتانۆی مۆرکرد.

ئەم یاریزانە لەم وەرزە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لەگەڵ یانەکەی چەندین یانەی ئەوروپا هەوڵی گواستنەوەی ئەم یاریزانەیان دەدا لە نێوانیاندا یانەی گەلاتەسەرای تورکی، بەڵام بۆ دوا جار ئەنتەر میلان سەرکەوتوو بوو لە مۆرکردنی گرێبەستەکە.

هەروەها یانەی ئەنتەر میلان گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی لازیۆ ستیفان دی ڤری بۆ ماوەی پێنج ساڵ مۆرکرد.




# بەرگریکارێک شەیتانە سوورەکانی جێهێشت

بەفەرمی یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە دالی بەلیند یانەی مانچستەر یۆنایتدی جێهێشت و پەیوەندی بە یانەی ئەجاکس ئەمستردامی هۆڵەندی کرد.

ئەم یاریزانە لە وەرزی ٢٠١٤ پەیوەندی بە یانەی مانچستەر یۆنایتد کرد و چەندین نازناوی لەگەڵ یانەکە بەدەستهێنا.

و ئەم یاریزانە دەرچووی یانەی ئەجاکس ئەمستردامە و کوڕی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی ئەجاکس ئەمستردام دانی بەلیندە.




## وێستهام گرێبەستی حەفت یاریزانی ڕاگەیاند

یانەی وێستهام یۆنایتدی ئینگلیزی لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر مانوێل پلگرینی گرێبەستی لەگەڵ حەفت یاریزانی نوێ مۆرکرد بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولی نایابی ئینگلیزی بۆ تۆپی پێی.

یانەی وێستهام بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان (ڕایان فرێدرێکس، لۆکاس فابیانسی، عیسا دیۆب، جاك وێلشایر، ئەندرێ یارمۆلینکۆ، فابیان باڵبۆێنا، فیلیپ ئەندرسن) مۆرکرد.

یانەکە بەردەوامە لەمۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی نوێ و چاوەڕوان دەکرێت وێستهام لە چەند ڕۆژی داهاتوو چەند گرێبەستێکی تر ئاشکرا بکەن.

# برایەتی خۆی کۆ دەکاتەوە



تیپی تۆپی پێی لاوانی یانەی برایەتی ساڵانە بەر لە دەستپێکی خولەکان وەك ئامادەکاری دەست بە کۆکردنەوەی یاریزانان دەکات، ئەمساڵیش وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆیان ستافی راهێنەری یانەکە لە ئێستاوە دەیەوێت دەست بەو ئامادەکارییە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا بۆ تیپەکەیان دەستنیشان بکەن، لەم بارەشەوە نزار نووری راهێنەری تیپی لاوانی یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان وەکو پێویست بووە لە ماوەی رابردوو، بەڵام ئەم ماوەیەی دوایی بەهۆی گرفتی داراییەوە تیپەکەمان کۆنەکردبووەوە، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و بتوانین ئەنجامەکانمان لە وەرزی نوێ پێویست بێت.» گوتیشی: «ئێمە وەکو تیپی لاوانی یانەکە دەمانەوێت چەندین یاریزانی لاوی بەتوانا دروست بکەین بۆ تیپی یەکەمی یانەکەمان بۆ ئەوەی سوودێکی زیاتر لەم پێکهاتەیەی ئێمە ببینن، بۆ سەرخستنی تیپەکانی لاوانیش لە یانەکان پێویستە لەسەر کارگێڕی یانەکان گرنگیی زیاتر بە توانای یاریزانی لاو بدەن و جگە لەوەش دابینکردنی یاریگا و پێداویستیی وەرزشی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بە دەست بهێنین، بەشێکیش لە یانەکان زیاتر پشت بە یاریزانی ئامادەکراو دەبەستن، لە بری ئەوەی گرنگی بە لاوان بدەن، بەڵام خزمەتکردن و گرنگیدان بە تیپی لاوان بەرهەمی زۆر دەبێت.»

# بڕیارە شەترەنجزانانی خانزاد بەشداری لە پاڵەوانیەتی دەرەوە بکەن

تیپی شەترەنجی یانەی وەرزشیی خانزاد ساڵانە و بەردەوام لە خول و پاڵەوانیەتییە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە چالاکییەکانیان هەتا بتوانن برەو بە یاریی شەترەنج بدەن لە شاری هەولێر، تیپی شەترەنجی خانزادیش بە نیازە لە داهاتوو بەشداری چەند پاڵەوانیەتییەکی دەرەوەی عێراق بکات، لەم بارەشەوە دڵزار حمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەنجامەکانی ئەمساڵمان ٢٠١٨ جێگەی خۆشحاڵیمانە لە پاڵەوانیەتی نایابی عێراقی کە دووبارە پلەی یەکەممان بەدەستهێنا و یانە کێبڕکێکارەکانیشمان سەرباری پشتگیریکردنیان لەلایەن وەزارەتە بەهێزەکانی عێراق، کە هەردوو یانەی ئیتیسالات و کارەبا لەلایەن خودی وەزیرەکانیان پشتگیری دەکرێن، گرێبەستی چەندین یاریزانی بەهێزی عێراقیان کردووە بۆ یانەکە بە گرێبەستی گرانبەها و لاوازکردنی تیپەکانی تر، هەروەها یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پاڵپشتییەکی باش دەکرێن و بەهێنانی چەندین یاریزان لەلایەن سەرۆکی یانەکەیان تیپەکەیان بەهێز دەکرێت، بەڵام سەرباری ئەوانەش ئێمە وەکو خانزاد ململانێمان لەگەڵ هەموو تیپەکان کردو پلانیشمان دانا کە هیچ یارییەك نەدۆڕێنین و پلانەکانیشمان سەرکەوت، ئەوەش پێویستی بە رۆحییەتی وەرزشی و پلانی بەهێز هەیە، لە ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوانیش پلەی یەکەمان بەدەستهێنا، لە ئاستی تاکیش یاریزانانی ئێمە لە پێشەوەی یاریزانانی یانەکانی تر دێن، چەندین مەدالیای زێڕ و زیویان بەدەستهێناوە بۆ یانەکەمان، لە داهاتووش ئەنجامەکانمان باشتر دەبێت، بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیەش دەبێ هاوکاری ماڵەوەی یاریزانانی لەگەڵ بێ، چەندین پاڵەوانێەتی لەسەر ئاستی تاك کراوەتەوە لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەش خانەوادەکان هاوکاری منداڵەکانیان بوون و لەگەڵیان چوون و خەرجیان بۆ دابین کردوون، ئەو یاریزانانەش متمانەی زیاتریان بە خۆیان دەبێ و ئاستیان بەرز دەبێتەوە و دەتوانن لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان باشتر بەشداری بکەن، جگە لەوەش ئێمە پلانی تەواومان هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوو بەشداریی چەند پاڵەوانیەتییەکی دەرەوەی عێراق بکەین و ئاستی یاریزانەکانیشمان زۆر بەرزە و توانای ئەوەیان هەیە کێبڕکێی یاریزانە بەهێزەکانی وڵاتان بکەن.



# زاخۆ و سەورە پاڵەوانی زۆرانبازیی عێراق بوون

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی زۆرانبازی لە سەر ئاستی یانەکانی عێراق و دەستنیشانکردنی پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراقی بۆ پاڵەوانییەتییەکانی ئاسیا کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوەبچێت، یەکێتی ناوەندی زۆرانبازیی عێراقی لە شاری زاخۆ پاڵەوانیەتی زۆرانبازی یانەکانی عێراقی بە بەشداری ژمارەیەك لە یانەکان بەڕێوەبرد، بۆ ئاستی پێشکەوتووان و تازەپێگەیشتووان بۆ هەردوو جۆری ڕۆمانی و ئازاد، لە پاڵەوانییەتییەکەش یاریزانانی تیپە بەشداربووەکان توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و کێبڕکێی یەکتری بکەن لەسەر بوون بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی تازەپێگەیشتووان-ئازاد

١-زاخۆ (٢٥٠)خاڵ

٢-شێخان(١٨٠)خاڵ

٣-سێمیل(١٢٠)خاڵ

زۆرانبازی ڕۆمانی

١-سەورە(٢٥٠)خاڵ

٢-ئاڵتون کۆپری (١٤٢)خاڵ

٣-پێشەوا(٩٨)خاڵ

ئاستی پێشکەوتووان-ئازاد

١-زاخۆ(٢٥٠)خاڵ

٢-سلێمانی (١٧٢)خاڵ

٣-خاك(١٥١)خاڵ

ڕۆمانی

١-سەورە(٢٥٠)خاڵ

٢-ئاڵتون کۆپری (١٦٢)خاڵ

٣-باباگوڕ گوڕ(١٢٠)خاڵ

